هونەرمەند خەیرۆ عەباس:

# جێی داخە هەندێک لە هونەرمەندان چەند شتێکی نەشیاو لە کلیپەکانیان ئەنجام دەدەن بە ناوی تازەگەرییەوە!!

هونەرمەند حەسەن شەریف :

# خـــزم خـزمێـنـەو واسـیـتـە تـەنـانـەت بـۆ دابـەزانـدنـی کـلـیـپـی گـۆرانـیـیـەکـانـیـش هـەیـە

**لە سەردانێکمان بۆ شاری زاخۆ بە پێویستمان زانی لە دەرفەتێکدا گفتوگۆیەکی هونەری لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی بەتوانای (خەیرۆ عەباس) و (حەسەن شەریف) ساز بکەین و راو بۆچوونەکانیان لەبارەی هونەرەوە بە خوێنەرانی ئازیز بگەیەنین. بەڵام بە داخەوە ئەم گفتوگۆ هونەرییە لەوادەی دابەزینی خۆی دواکەوت بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەران و هەردوو هونەرمەندی ئازیز دەکەین.**

**ئا/ رزگار رەزا چوچانی**

## بەشی یەکەم



خەیرۆ عەباس

**رزگاررەزا/کاک خەیرۆ سەرەتا لە بەڕێزتەوە دەست پێ دەکەین بە بڕوای بەڕێزت سازدانی میهرەجان بۆ کلیپ تا چەند پێویستە و سازدانی ئەم میهرەجانە چۆن هەڵدەسەنگێنی و بە بڕوای تۆ چی بە هونەرمەندان و هونەری کوردی دەگەیەنێ؟**

**خەیرۆعەباس/** سازکردنی ئەم ڤیستیڤاڵە لە لای من هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو پێشتریش لەگەڵ کاک حەسەن شەریف باسمان لەوە دەکرد، کە دەبێ هەوڵ بدرێ ئەم کارە پیرۆزە بەردەوام بێت، چونکە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری هەموو هونەرمەندان. وە دەتوانم بڵێم کلیپی کوردی هێشتا پێویستی بە برەودانی زیاتر هەیە. ئەم شێوازە ڤیستڤاڵەش گەر هیچی پێ نەکرێ یان پێ نەکرابێ دەتوانێ سیداعێکی گەورە لە نێوان هونەرمەندان دروست بکات بۆ گرنگیدانی زیاتر بە کلیپەکانیان. لەلای من جێی داخە زۆرێک لە هونەرمەندان بە ناوی تازەگەرییەوە چەند شتێکی نەشیاو لە کلیپەکانیان بە کار دێنن یان ئەنجامی دەدەن، لە کاتێکدا کە دوورە لە تازەگەری و مۆدێرنەوە ئەگەر ئەو کارانە بە مۆدێرنە بزانن چەشنی ئەوروپییەکان؟

بە هەڵەدا چوون، چونکە هونەرمەندە ئەوروپییەکان بە زانای و بە زانستییەوە کار دەکەن. بۆیە هیوام وایە هونەرمەندانی کوردستان کۆمەڵێ شت و جوڵەی نەشیاو لە کلیپەکانیان ئەنجام نەدەن. بۆ ئەوەی تێکەڵی کەلتوری میللەتەکەی خۆیان نەبێ، بۆ خۆیان داهێنانی کوردی بکەن و واز لە تەقلیدی عەرەب و تورک و فارس بهێنن.

وە زۆر دڵخۆشم بە سازدان و بەردەوامی دان ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵە ئەویش بۆ خەڵات نا، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکان و خودی هونەرمەندەکان لەجێگایەک و دروستبوونی کێبڕکێی هونەری لە نێوانیان. وە لەم میهرەجانەشدا شتی زۆر جوانم بینی، کە جێی دڵخۆشی بوون. بۆنموونە بەرهەمەکەی (ئاراس فاتیح) کە لە کلیپەکەی عەشقی بە شێوازێکی کۆمیدی پێشان دا کە لە پەنای عەشق و کۆمیدیا لە بەرهەمەکەی زۆر شتی دیکەی پێشان داین کە جێی دەست خۆشییە و ئەو شێوازە کارەش لە بەرژەوەندی بازاڕی هونەری کوردییە یان بەرهەمەکەی کاک (حەسەن شەریف) ئەو هونەرمەندەش لە ماوەی چەند خولەکێکدا و لە میانی کلیپێکدا پیرۆزی کوردانی یەزیدی بەووردی ودەوڵەمەندی و پیشان داین و چەند بەرهەمێکی دیکەشم بینی کە زۆرێک شتی جوانیان تێدا بوو، بۆ ئایندەی هونەری کوردی بەراستی جێی دڵخۆشین، بەڵێ کلیپیشی تێدا بوو کە جێی ئەوە نەبون تەماشا بکرێن، بەڵام بەشداری پێکردنیان هەر ئیشێکی باش بوو، چونکە خاوەنەکانیان ئاستی کارەکەی خۆیان و کارەکانی هونەرمەندانی دیکەش دەبینن. بە کورتی ئەم ڤیستیڤاڵە لای من کارێکی باش و سەرکەوتوو بوو، بەردەوامی زۆر بە گرنگ و پێویست و بە سود دەزانم، بەڵێ لە رووی تەکنیکیەوەبێ کەم و کوڕی نەبوو، بەڵام دڵنیام لەوە ئەگەر ئەم ڤیستیڤاڵە دووبارە بێتەوە ئەوا سەرکەوتووتر بێت. چونکە ئەم ڤیستیڤاڵە ئەو بڕوایەی بە هونەرمەندان دا کە دەبێ هەوڵی جدی بدەن بۆ دروستکردنی کلیپی باشتر و جوانتر، وە ئەوەشی لا دروست کردن کە دەبێ وردتر ئیش بۆ دروستکردنی کلیپەکانیان بکەن، ئەگەر من خۆم بکەم بە نمونە ئێستا من ئیش بۆ دروستکردنی کلیپێک دەکەم لە ئەڵمانیا پەلەی ئەوەمە کە بە پەلە بچمەوە بۆ ئەوەی خۆم لە نزیکەوە چاودێری بەڕێوەچوونی کارەکانی بکەم، ئەمە نەک تەنها لای من بڕوای وردبوونی زیاتر لە کارەکانی دروست کردووە، بەڵکو لای زۆرێک لە هونەرمەندانی دیکەش هەمان بڕوای چەسپاندووە هیوام وایە لە ئایندە و ڤیستیڤاڵی ئایندە بەرهەم و کاری جوانتر ببینین.

**ڕزگاڕەزا/ کاک حەسەن دەکرێ بەڕێزیشت رایەکانی خۆت لەسەر میهرەجان باس بکەیت؟**

**حەسەن شەریف:** من بڕوام وایە ئەم میهرەجان گڕو تینی زیاتری بە هونەرمەندان بەخشی، کاری هونەری زۆرێک لە هونەرمەندە لاوەکانم بینی لەم میهرەجانەدا کاری زۆر جوان بون، کە دەڵێم زۆر جوانن بۆ قۆناغی ئەمڕۆی هونەری کوردی، چونکە لە داهاتو دەبێ کاری جوانتر بکەن و بەرهەمی جوانتر بەرهەم بهێنین و لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێ کاری تەقلیدیم بینی وەک کاک خەیرۆ وتی پێدەچێ ئەوە بە مۆدێرن بزانن بەڵام ئەو کارانە کە من بینیم مۆدێرن نەبوون، بەڵکو تەقلیدی بون هیوام وایە لە داهاتوو هونەرمەندان خۆیان لەو شێوازە کارانە بپارێزن و من چاوەڕێی دروتسکردنی ئایندەیەکی جوانیش لە توانای هونەرمەندە لاوەکانەوە دەکەم. هەروەها دووبارە دەڵێمەوە من ئەم میهرەجانە بە کارێکی پیرۆز و باش دەبینم، هیوام وایە بتوانین شتی جوانتر بۆ میهرەجانی داهاتوو ئەنجام بدەین، هونەرمەندە لاوەکانیش بەرهەمی باشتر ئامادە بکەن.

**ڕزگاررەزا/ کاک خەیرۆ ئاشکرایە کە ئێمە وەکو کورد خاوەنی کەلەپورێکی دەوڵەمەندی هونەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناتوانین بە خۆمان بڵێین بووینەتە خاوەنی هونەری گۆرانی و مۆسیقا بە شێوازێکی ئەکادیمی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەمپەر لە بەردەم پێشڤەچوونمان هەبوو لە هەموو رویەکەوە کە هونەریش بە د ڵنیاییەوە یەکێکە لەو لایەنانەی بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنی هەبووە. ئەمەش وای کردووە بە شێوازێکی زانستی درێژە بە چالاکییە هونەرییەکانمان نەدەین لە سەرەتای را پەڕین و ئازادبوونی کوردستانیش بە هۆی ئەو بار نالەبارەی بەسەر کوردستاندا سەپا و نەتوانرا بۆ ئەو مەبەستە وەک پێویست ئیش بکرێت کەوا بوو دەتوانین بڵێین ئێستا لە بە ئەکادیمی کردنی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیداین بە بڕوای تۆ بۆ ئەو مەبەستە دەبێ چی بکرێت؟**

خەیرۆعەباس/ بڕوام وایە پێویستە لە کوردستان کۆمپانیای هونەری زیاتر بێتە دامەزراندن بۆ ئەوەی بتوانرێ بەرهەمەکانی هونەرمەندان بە شێوازێکی پێشکەوتوو زانستییانە بەرهەم بهێنرێت و بڵاو بکرێتەوە ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەش گرنگ نییە سەر بە حکومەت بن یان

**ماویەتی**





حەسەن شەریف